# کاریگەری یاسای نەرم لە پەرەپێدانی ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت*

پ. د. عبدالله فاضل حامد
بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی دهۆک، دهۆک، عێراق
Abdullah.hamid@uod.ac
دیلان أحمد عبدالرحمان
قوتابی ماستەر، بەشی یاسا، کۆلێژی یاسا، زانکۆی دهۆک، دهۆک، عێراق
Dylanahmad5837@gmail.com

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 5466 | Received: 03/12/2025 | وشەکلیلیەکان: |
| (PP 157 - 177) | Accepted: 05/01/2026 | یاسای نەرم، گرێبەستی بازرگانی نێودەوڵەتی، نەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.24.42.7 | Published:07/06/2026 | |

## پوختە

یاسای نەرم قۆناغێکی پێشکەوتووی یاسایە، کۆمەڵێک ڕێسایی پەیوەندییە تایبەتە نێودەوڵەتییەکانە کە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەند ئەم یاسایانە دانانێت و لێکدانەوەی بۆ ناکات و جێبەجێی ناکات, بەڵکو دەرچووی دامەزراوە و دەستە نێودەوڵەتییەکانن، ئەم ڕێسایانە دەستەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کاری پێدەکات، هەروەها یاسای نەرم خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: نەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی، پرەنسیپە یاساییەکان، یاسا نمونەییەکان، گرێبەستە نمونەییەکان، پرەنسیپەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ( مواثیق حقوق الإنسان). بێگومان جێگای خۆیەتی لەم توێژینەوەیەدا سروشتی یاسای نەرم بخەینەڕوو کە سیستەمێکی یاسای سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت واتە نافەرمییە، وە جێبەجێکردنی یاسای نەرم وەستاوەتە سەر ویستی تاکەکان. ئەم توێژینەوەیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە یاسای نەرم لەلایەن هیچ دەزگایەکی فەرمییەوە دەرنەکراوە، هیچ هێزێکی ناچاری نییە، هەروەها یاسای نەرم لە سکی پێداویستییەکانی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە سەریهەڵداوە، ڕۆڵی چارەسەر دەگێڕێت لە ناکۆکییەکانی پەیوەست بە بازرگانی نیودەوڵەتی.

* توێژینەوەی هەڵهێنجراو لە نامەی ماستەر بە ناونیشانی ( ڕۆڵی یاسای نەرم لە گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان- توێژینەوەیەکی شیکاری بەراوردکارییە) لەلایەن قوتابی (دیلان أحمد عبدالرحمان)، کە پێشکەشدەکرێت بۆ ئەنجومەنی کۆلێژی یاسا لە زانکۆی دهۆک وەك بەشێک لە پێداویستییەکانی گفتوگۆکردنی نامەکە.

## پێشەکی

**یەکەم: پێشەکیەک بۆ بابەتی توێژینەوەکە**

**وەک دەزانرێت لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتدا ناکۆکی لەنێوان یاساکانی دەوڵەتاندا ڕوودەدات، واتە ئەو یاسایانەی کە دەردەچێت لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانی ڕەسمی لە هەر وڵاتێکدا، وەک یاسای عێراقی دەرکراو لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان لە عێراق یان ڕێسا نەریتییەکان و ئەوانی تر لە عێراقدا کە بە شێوەی ڕەسمی دانپێدانراون، و بە هەمان شێوە سەبارەت بە یاسای فەرەنسی و مصری و یاساکانی وڵاتانی تر. لەگەڵ ئەوەشدا، لەم ساڵانەی دواییدا تێبینی ئەوە کراوە کە هەندێک ڕێسای پەیوەندییە تایبەتە نێودەوڵەتییەکان هەن کە لەلایەن دەستە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە دەردەکرێت و بە یاسایی دەکرێن کە دەسەڵاتی یاسادانانی ڕەسمیان نییە، وەک پرەنسیپەکانی پەیوەست بە گرێبەستە بازرگانییەکانی دەرچووی پەیمانگای یەکخستنی یاسای تایبەت( یونیدروا)، هەروەها دابونەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی و گرێبەستەکان و یاسا نموونەییەکان. بەم شێوەیە، پۆلێک یاسا هەبووە کە یاسای "نەرم" پێکدەهێنن، واتە یاسای نافەرمی، کە هیچ هێزێکی پابەندکەر یان فەرمی نیە.**

**دووەم: گرنگی بابەتی توێژینەوەکە و هۆکاری هەڵبژاردنی**

**یاسای نەرم ئازادی هەڵبژاردن بە لایەنە گرێبەستکارەکان دەبەخشێت، لەڕێگای دانانی مەرجەکانی گرێبەست کە یاسای نێوان گرێبەستکارەکانە، و ڕاستەوخۆ جێبەجێدەکرێت و چارەسەری بابەتی و ڕێوشوێنی گونجاو لەگەڵ سروشتی گرێبەستە بازرگانییە نێودەولەتییەکان دابین دەکات، و دەبێتە هۆی یەکخستنی یاسای جێبەجێکراو بەسەر ئەم گرێبەستانەدا، هەروەها ڕۆڵی ڕێکخستنی ئەو گرێبەستانە دەگێڕێت، و کەموکورتییە یاساییەکان کە لە یاسا فەرمییەکاندا هەیە ناهێڵێت، و تایبەتمەندی ناچاری نییە چونکە لەلایەن دەزگایەکی فەرمییەوە دەرنەکراوە.**

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

**خستنەڕووی مانا و چییەتی یاسای نەرم و ڕۆڵی لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی گرێبەستە بازرگانییە نیودەوڵەتییەکان، و شیکردنەوەی کاریگەری یاسای نەرم بە بەراورد بە یاسای تەقلیدی(یاسای فەرمی) لە چارەسەرکردنی کێشەکانی گرێبەستە نێودەوولەتییەکان.**

**چوارەم: کێشەی توێژینەوەکە**

**یەکێک لە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هیچ دەقێک لە یاسای عێراق و کوردستان و یاسا نیشتمانییەکانی تردا نییە کە دادگا نیشتمانییەکان پابەندبکات بە جێبەجێکردنی ڕێساکانی یاسای نەرم بەسەر پەیوەندییە تایبەتە نێودەوڵەتییەکاندا، هەرچەندە دادوەری ناوبژیوانی ئەم ڕێسایانە لەبەرچاو دەگرێت لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا وەکو جێبەجێکردنی بنەماکانی گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکانی دەرچووی پەیمانگای یەکخستنی یاسای تایبەت (الیونیدروا) و نەریتەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی. هەروەها کێشەی توێژینەوەکە توانای دیاریکردنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی ئەم ڕێسایانە بەسەر پەیوەندییە تایبەتە نێودەوڵەتییەکاندا دەدات.**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**پێنجەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە**

**کورت دەبێتەوە لە ناساندنی یاسای نەرم و خستنەڕووی سروشت و تایبەتمەندییەکانی و جیاکردنەوەی یاسای نەرم لە هاوشێوەکانی و خستنەڕووی کێشەکانی یاسای نەرم.**

**شەشەم: میتۆدەکانی توێژینەوە**

**لە توێژینەوەی ئەکادیمی، سروشتی بابەتەکە و ئەو پرسیارانەی کراوەن بۆ وەڵامدانەوە، جۆری میتۆدەکە دیاری دەکەن. توێژینەوەکە باس لە چەمکی یاسای نەرم دەکات و لەم بارەیەوە شیکردنەوە بۆ چەمکی یاسای نەرم و پێناسەکردنی یاسای نەرم دەخاتەڕوو، دواتر سروشت و تایبەتمەندییەکان و کێشەکانی ئەم یاسایە و جیاکردنەوەی لە هاوشێوەکانی دەخاتەڕوو. بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ئەکادیمی بابەتەکە بنوسین پێویستمان بە میتۆدی وەسفی شیکاری دەبێت.**

**حەوتەم: پەیکەری توێژینەوە**

**توێژینەوەکە لە چوار باسی سەرەکی پێکدێت، کە هەر باسێک لە دوو تەوەر پێک دێت، لە باسی یەکەمدا پێناسەی یاسای نەرم و تایبەتمەندییەکانی دەخەینەڕوو. لە باسی دووەمدا تیشک دەخەینەسەر سروشتی یاسای نەرم لەڕێگای باسکردنی نافەرمییەتی یاسای نەرم و جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بە ویستی تاکەکان. لە باسی سێیەمدا جیاوازی یاسای نەرم لە هاوشێوەکانی دەخەینەڕوو وەکو یاسای فەرمی و ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی نەرم. لە باسی چوارەم و کۆتاییدا کێشەکانی یاسای نەرم باس دەکەین وەکو نەبونی سیفەتی پابەندبوون و سنوردارییەتی چوارچێوەی یاسای نەرم.**

**لە کۆتایدا دەرئەنجام و پێشنیارەکان دەخەینەڕوو.**

## باسی یەکەم- پێناسەی یاسای نەرم و تایبەتمەندییەکانی

**لەم باسەدا لە تەوەری یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر پێناسەی یاسای نەرم وە خستنەڕووی بۆچوونی توێژەر، هەروەها لە تەوەری دووەمدا تایبەتمەندییەکانی یاسای نەرم باسی لێوەدەکرێت.**

### تەوەری یەکەم- پێناسەی یاسای نەرم

**یاسای نەرم قۆناغێکی پێشکەوتووی یاسایە، وە چەندین ناوی تری هەیە لەوانە:(القانون الهش، القانون غير الملزم، القانون الناعم، القانون اللين، soft law، یاسای نەرم ).یاسای نەرم پێناسەی زۆری بۆکراوە، کە لەم توێژینەوەیەدا سەرنج و پێناسەی هەندێک لە بیرمەندان و نوسەران دەخەینەڕوو وە لە دەرئەنجامدا توێژەر پێناسەیەکی گونجاو و گشتگیر دەخاتەڕوو، بۆیە هەندێک لە پێناسەکان وایدادەنێن کە یاسای نەرم ئامرازێکی یاسایی مەجازیە، وە یاسایەکە خۆی لە ئاستی سروشتی نا زۆرەملێدا دادەنێت.[1]**

**هەروەها ئەگەر ئێمە پێناسەیەک بۆ ڕێسا یاساییەکان بخەینەڕوو بەم شێوەیە دەبێت: کۆمەڵێک ڕێسای پابەندییە و بەستراوەتەوە بە سزاوە وە ڕێکخەری ڕەفتاری تاکەکان یان کۆمەڵگایە، ئەمە تێگەیشتنێکی کۆن و تەقلیدیە بۆ ڕێسا**

**[1] Samridhibhatt: International Law is a Soft Law: A Critical Analysis, Legal Service India E- Journal, Article available at: (last visit 28/12/2024)**
**(https://www.legalserviceindia.com/ lawyers/lawyers_home.htm)**

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

یاساییەکان کە تاکو ئێستا گونجاوە، بەڵام ئێستا بۆ تێگەیشتنێکی نوێ دەڕۆین کە گۆڕانکاری بەسەر چەمکی یاسادا دەهێنێت لە خستنەڕووی یاسای نەرم (soft law)دا کە کۆمەڵێک ڕێسای نافەرمییە(سیاسییە)، نا پابەندییەو نەبەستراوەتەوە بە سزاوە.

[1]

کاتێک باس لە یاسای ئاسایی دەکەین، مەبەستمان کۆمەڵێک یاسایە کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە دانراون و جێبەجێ دەکرێن کە دەسەڵاتی ناچارکردنی خەڵکی هەیە بۆ پابەندبوون. دەسەڵاتی ناوەندیش دەبێت لەلایەن خەڵکەوە وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی یاسادانان بناسرێت. دەسەڵاتی ناوەند سێ ئەرکی هەیە. یاسا دادەنات؛ یاسا لێکدەداتەوە؛ وە یاسا جێبەجێ دەکات. لە سیستەمی ئەمریکیدا، ئەم ئەرکانە بە فەرمی دابەش کراون: ئەنجومەنی یاسادانان یاسا دادەنێت؛ دادگاکان یاسا لێکدەدەنەوە؛ و جێبەجێکار یاساکە جێبەجێ دەکات. بەڵام لە زۆر شوێندا کردارەکان تێکەڵ دەکرێن بۆ نموونە، دادگاکانی یاسای گشتی هەم یاسا دادەنێن و هەم لێکدانەوەی بۆ دەکەن. سەرۆک لە بارودۆخێکی دیاریکراودا دەسەڵاتی داڕشتن، لێکدانەوەو جێبەجێکردنی یاسای هەیە، بۆنموونە لە پەیوەندییە دەرەکییەکاندا.[2]

یاسای نەرم ئاماژە بە کۆمەڵێک ڕێسا دەکات، بەڵام ئەوەی کە تایبەت بێت بە یاسای نەرم ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتێکی ناوەند ئەم یاسایانە دانانێت و لێکدانەوەی بۆ ناکات و جێبەجێی ناکات. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە یاسای نەرم لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە، زۆر جار کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی خەڵک زۆر گرنگترە لە یاسای ئاسایی.[3]

لە ڕووی مێژووییەوە، دۆزینەوەی یاساکانی ڕەشنووسی نەرم لە یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا دەگەڕێتەوە بۆ دادوەر "باکستەر" کە ماوەیەکی کەم لەمەوبەر دۆزییەوە، بەتایبەتی لە ساڵی 1980، کە ئەو کاتە پێناسەی کرد وەک (کۆمەڵێک یاسا کە پابەندبوونێکی ڕاستەقینە بەسەر لایەنەکانیاندا ناسەپێنێت).[4] هەروەها، لە لایەن یەکێک لە شرۆڤەکارانەوە یاسای نەرم بەم جۆرە پێناسە دەکرێت: کۆمەڵێک ڕێسای یاساییە کە سروشتێکی نۆرماتیڤ (طبيعة معيارية) یان هەیە، کە هیچ هێزێکی پابەندکەریان نییە، وە جێبەجێ ناکرێن تەنها ئەگەر قبوڵ بکرێن بە ڕەزامەندانە لە لایەن کەسەکانەوە.[5]

[1] رشا صلاح، القانون الناعم.. قانون السلوک الاجتماعي، منشور على الرابط التالي: تاريخ الزيارة(٢٠٢٤/١٢/٢٨)
https://anbaq.com/3aq62/2021/9/24
تاريخ الزيارة(٢٠٢٤/١٢/٢٥)

[2] Eric A. Posner : Soft Law in Domestic and International Settings, Article available at:
(last visit 30/12/2024)
https://www.j.u-tokyo.ac.jp .

[3] Eric A. Posner: Loc. Cit.

[4] محمد ثامر: الصياغة المرنة في القانون الدولي، الحوار المتمدن، العدد-٤٩٠٩، ٢٠١٥، منشور على الرابط التالي: تاريخ الزيارة(٢٠٢٥/٢/١).
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=482635

[5] Henry Deeb Gabriel: The Use of Soft Law in the Creation of Legal Norms in International Commercial Law: How Successful Has It Been?, Michigan Journal of International law, Volume 40, Issue 3, Michigan, 2019, p.413, Article available at: (last visit 23/12/2024)
https://repository.law.umich.edu/mjil/vol40/iss3/3 .

یاسای نەرم دەتوانرێت وەک یاسایەکی نێودەوڵەتی پێناسە بکرێت کە لە لایەن کۆمەڵێک دەوڵەتی کاریگەری تایبەتەوە دارێژراوە کە مەبەستێکی هاوبەشیان هەبووە بۆ چاودێریکردنی خۆبەخشانەی ناوەڕۆکی ئەو یاسایە بە مەبەستی پەسەندکردنی لە یاسای نیشتیمانی یان کۆدی کارگێڕی.[1]

بەشێک لە یاساناسان وشەی"LAW-MAKING" بەکاردەهێنن لە جیاتی وشەی"SOFT LAW"وە پێناسەی دەکەن بەوەی"کۆمەڵێک ڕێسای گشتییە کە بڕیار لەسەر هەڵسوکەوتی تاکەکان دەدات لەداهاتوودا لە چوارچێوەی دەقە یاساییە پێشنیارکراوەکان".[2] هەروەها یاسای نەرم پێناسەدەکرێت:"کە یاسای ویستی خۆبەخۆییە، کە لەخۆیدا ڕێکنەخراوە بۆ یاسایەکی ورد و فەرمی،کە تایبەتمەندییەکانی ئاسانکاری و گواستنەوە و پەرەسەندن بۆ یاسایەکی ڕێکخراو یان فەرمی لەخۆدەگرێت.[3]

وەهەندێکی تر لەیاساناسان پێناسەی یاسای نەرم دەکەن بەوەی کە کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی ناپابەندیین و ناتوانرێت لەلایەن هێزی گشتییەوە جێبەجێ بکرێن، هەروەها هەندێک جار لەلایەن دامەزراوە ناوخۆییەکانەوە سەرچاوە دەگرن هەندێک جاریش لەلایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن.[4] لەلایەکی ترەوە لەساڵی(٢٠٠٥) لە لایەنMichael Joachim یاسای نەرم پێناسە کراوە بەوەی کە ئامرازە نۆرماتیڤەکانی یاسایە کە بە کرداری پابەندبوونێکی یاسایی کەم یان هیچیان نییە و بە هۆی قبوڵکردنی خۆبەخشانەی دەوڵەتەکانەوە دەسەپێنرێن.[5]

لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بۆمان دەردەکەوێت کە پێناسەیەکی یەکگرتوو بۆ یاسای نەرم نییە ، توێژەر دەتوانێت بەم شێوەیە پێناسەی یاسای نەرم (soft law) بخاتەڕوو: کۆمەڵێک ڕێسای ناپابەندییە و سزای تێدا نییە، لە لایەن دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی وەکو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و یەکێتییەکان و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکانەوە دەردەچوێندرێت، دەستەی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی کاری پێدەکات، یاسای نەرم خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: نەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی، پرەنسیپە یاساییەکان، یاسا نمونەییەکان، گرێبەستە نمونەییەکان، پرەنسیپەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی و بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ( مواثيق حقوق الإنسان).

---

[1] Kern Alexander: THE ROLE OF SOFT LAW IN THE LEGALIZATION OF INTERNATIONAL BANKING SUPERVISION: A CONCEPTUAL APPROACH, ESRC Center for Business Research, 2000,p. 3, Article available at: (last visit 23/12/2024)
https://www.jbs.com.ac.uk .

[2] Alan boyle, soft law in international law. cambridge university press, second edition 2005, p25.

[3] رشيد مجيد محمد الربيعي: مفهوم القانون الميسور (المرن) في القانون الدولي العام، المجلة المصرية للقانون الدولي، العدد٦١، ٢٠٠٥، ص٤٩٢.

[4] Gabrielle Kaufmann-Kohler: Soft Law in International Arbitration: Codification and Normativity, Journal of International Dispute Settlement, Volume1, Issue2, 2010, p1, Article available at: (last visit 29/7/2025) https://academic.oup.com .

[5] Bini Saroj and Abba Kolo: Soft Law in International Investment Law, BUiD Doctoral Research Conference 2023, The British University in Dubai, United Arab Emirates, 2023, published by the registered company Springer Nature Switzerland AG,p389, Article available at: (last visit 1/8/2025), https://link.springer.com .

## تەوەری دووەم- تایبەتمەندییەکانی یاسای نەرم

یاسای نەرم جیادەکرێتەوە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کە ئەمانە بەشێکیان:

### یەکەم- نەبوونی پابەندبوون

یاسای نەرم پابەند نییە، وەک پەیماننامەکان یەکلاکەرەوە نییە، یاسای نەرم ناتوانێت لە فۆرمێکی یەکلاکەرەوەدا بێت. سیمای ناپابەندکەری یاسای نەرم دەتوانرێت بگۆڕدرێت کاتێک کارلێک لەگەڵ پەیماننامەکان دەکات.[1]

### دووەم- گشتگیری

پێدانی ئەم تایبەتمەندییە بە یاسای نەرم؛ واتە لە تواناداییە یاسای نەرم جێبەجێ بکرێت بەسەر ڕێسا یاساییەکاندا، بەجۆرێک ئەم ڕێسایانە جێبەجێ کردنێکبن بۆ یاسای نەرم[2]، تایبەتمەندی گشتگیری بۆ یاسای نەرم چارەسەرێکی لاوەکی شیکەرەوە دەدات بە دادوەر یان ناوبژیوان بۆ ڕێسا یاساییە هەڵهێنجراوەکان لە سەرچاوەکانی تر[3]، لەبەر ئەوە ناوبژیوان (المحكم) توانی ئەم تایبەتمەندییە بەکاربهێنێت بۆ گونجاندنی یاسای نەرم لەگەڵ پێداویستییەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی کە بەشێکی زۆری ڕێسای بابەتی (قواعد موضوعية) پێکدەهێنێت. وە هەروەها یاسای نەرم توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکاری و پەرەسەندنەکانی مامەڵە و پەیوەندییە یاساییەکاندا هەیە[4].

### سێیەم- پابەند بوونی خۆبەخشانە لەخۆدەگرێت(التزامات طوعية)

یاسایەکی خۆبەخشانەی ویستییە کە لەسەر بنەمای ویست و هەڵبژاردن دامەزراوە، بە گوێرەی باوەڕپاکی و گونجاوی، خراپ بەکارنەهێنانی ماف و دادپەروەری و پێوەرە مرۆڤایەتی و ئەخلاقییەکان و لەبەرچاوگرتنی ڕێسای "گرێبەست یاسای نێوان گرێبەستکارەکانە" (العقد شريعة المتعاقدين)[5].

### چوارەم- ڕێساکانی خۆکارن (قواعد تلقائية)

یاسای نەرم بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕێساکانی خۆکارن لەدروستبوندا، وە ئەو ڕێسایانەی کە لەکۆمەڵگەی بازرگانی نێودەوڵەتیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت ئۆتۆماتیکی گەشەدەکەن چ لەڕووی دەرکردن یان جێبەجێکردنەوە بێت، ڕێساکانی خۆرسکانە دروست دەبن وەکو نەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی چونکە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە هاتووە کە مەرجی

---

[1] Ibid.p.390.

[2] د. سمير عبدالسيد تناغو: النضرية العامة للقانون، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٩٨، ص ٢٤٦.

[3] د. حفيظة السيد حداد: العقود المبرمة بين الدول والاشخاص الاجنبية، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان، ٢٠٠٣، ص٨١١.

[4] د. أحمد نعمة خضير الجبوري: دور المبادئ العامة في تطوير قواعد القانون الدولي الخاص، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢٢، ص ٤٨.

[5] بواط محمد: دور القانون المرن في الحفاظ على البيئة العالمية، المجلة الجزائرية للحقوق والعلوم السياسية، العدد ٠٢، المجلد٠٦، جامعة حسيبة بن بو علي الشلف، الجزائر، ٢٠٢١، ،ص٥٠.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

دیاریکراوی تێدا بەدیهاتووە بەبێ ئەوەی هەنگاوە فەرمییەکانی دەرکردنی یاسا ببڕێت، هەروەها بەشێوەیەکی خۆرسکانە جێبەجێدەکرێت چونکە جیبەجێکردنەکەی پێویستی بە دەستێوەردانی دەسەڵات نییە[1] .

پێنجەم- ڕێساکانی پۆلێنی و جۆرییە

ڕێساکانی یاسای نەرم پۆلێنین چونکە ئاماژە بە پۆلێکی دیاریکراو دەکەن لەتاکەکان کە مامەڵە لەگەڵ بازرگانی دەوڵەتدا دەکەن، هەروەها ڕێساکانی جۆرین چونکە جۆرێکی دیاریکراو لە کێشە چارەسەردەکەن کە ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە لە کۆمەلگەی بازرگانی نێودەولەتیدا سەرهەڵدەدەن[2].

## باسی دووەم- سروشتی یاسای نەرم

لەم تەوەرەدا باس لە سروشتی یاسای نەرم دەکەین، لە لقی یەکەمدا تیشک دەخەینە سەر یاسای نەرمی نا فەرمی، پاشان لە لقی دووەمدا ئەوە دەخەینەڕوو کە یاسای نەرم لە جێبەجێکردندا پشت دەبەستێت بە ویست و ئیرادەی تاکەکان.

### تەوەری یەکەم- یاسای نەرمی نافەرمی

یاسای نەرم سیستەمێکی یاسایی سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی دەوڵەت.[3] تایبەتمەندی سەرسوڕهێنەری یاسای نەرم ئەوەیە کە بوونیان هەیە و کاریگەری لەسەر خەڵک هەیە، هەرچەندە دەسەڵاتی ناوەند- حکومەت- دایان نانێت و لێکیناداتەوە و جێبەجێیان ناکات، کەوایە کێ ئەم ڕێسایانە دادەنێت و لێکیدەداتەوە و جێبەجێی دەکات؟

بنچینەی دروستبوونی یاسای نەرم نادیارە، هەندێک جار وادەردەکەون کە زۆر کۆنن بەلام هەندیک جار نوێن، وە دروستبوونی ڕێساکانی یاسای نەرم لامەرکەزییە، خەڵک خۆیان بڕیاردەدەن، هەندێک جار داوای ئامۆژگاری لە کەسانی ژێر یان بە ئەزموون دەکەن، هیچ وەرگێڕێکی دەسەڵاتدار نییە، ناوەڕۆکی ڕێسا یاساییە نەرمەکان بەردەوام دەگۆڕێت لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوی نوێ.[4] هیچ لایەن و کەسێک خەڵکی ناچار ناکات لەسەر پابەندبوون بە ڕێسا یاساییە نەرمەکان و جێبەجێکردنی ئەم ڕێسایانە بەسەریدا، بەڵام کەسێک کە پێشێلی ئەم ڕێسایانە بکات لەوانەیە توشی سەرزەنشتکردن ببێتەوە.[5]

گرنگی ڕێساکانی یاسای نەرم لەوەدا دەردەکەوێت کە هەندێک یاسای نەرم قۆناغ یاخود ڕێوشوێنێکی پێشەکین کە زۆرجار ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان لە هەمان بواردا.[6] ئامرازەکانی یاسای نەرم خۆی

---

[1] محمود محمود المغربي: في إشكالية تقنين القانون الدولي الخاص، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس- لبنان، ٢٠٠٧، ص١٧٥.

[2] د: خليل إبراهيم محمد خليل: تكامل مناهج تنازع القوانين، الطبعة الأولى، دار الفكر الجامعي،الاسكندرية، ٢٠١٥، ص ١٧٤.

[3] د. محمود محمد ياقوت: نحو مفهوم حديث لقانون عقود التجارة الدولية، الطبعة الأولى، دار الفكر الجامعي، الإسكندرية، ٢٠١٢،ص ٥٤.

[4] Eric A. Posner : op.cit.p.2.

[5] Ibid.p.3.

[6] محمد ثامر: الصياغة المرنة في القانون الدولي، الحوار المتمدن، العدد٤٩٠٩ ، ٢٠١٥، مقال منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١/١٤)

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

له خۆیدا ئامانج نین بەڵکو به زۆری بنەمان بۆ پەرەپێدانی زیاتری یاسا.[1] یاسای نەرم دەتوانرێت وەک پڕکردنەوەی کەلێن بەکاربهێنرێت کاتێک یاسای نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی کارپێکراو وەڵامی پرسیارێکی دیاریکراو نەداتەوە.[2]

مادده(٢٨٨) له پەیماننامەی کارکردنی یەکێتی ئەوروپا دەڵێت: یاسا دەبێت جێبەجێکردنی گشتی هەبێت، دەبێت بە تەواوی پابەندبێت و ڕاستەوخۆ له هەموو وڵاتانی ئەندامدا جێبەجێ بکرێت.[3] یاسای نەرم خۆی له ئاستی سروشتی نازۆرەملێدا دادەنێت( لەچوارچێوەی لێپرسینەوە بەرامبەر ئەو ئەرکەی کە دەبێت لەلایەن گەلەوە جێبەجێ بکرێت بۆ سزادانی سەرپێچیکردن لەو ئەرکە).[4] ئەگەر ئێمە پێناسەیەک بۆ ڕێسا یاساییەکان بخەینەڕوو کەپێشتر ئاماژەمان پێکرد بەوەی کە کۆمەڵێک ڕێسای پابەندییە و بەستراوەتەوە بە سزاوە وە ڕێکخەری ڕەفتاری تاکەکان یان کۆمەڵگایە، ئەمە تێگەیشتنێکی کۆن و تەقلیدیە بۆ ڕێسا یاساییەکان کە تاکو ئێستا گونجاوە، بەڵام لە ئێستادا بۆ تێگەیشتنێکی نوێ دەڕۆین کە گۆڕانکاری بەسەر چەمکی یاسادا دەهێنێت لەخستنەڕووی یاسای نەرم (soft law)دا کە کۆمەڵێک ڕێسای نافەرمییە(سیاسییە)، نا پابەندییەو نەبەستراوەتەوە بە سزاوە.[5]

له کۆتایی ئەم لقەدا دەتوانین بڵێین کە ڕێساکانی یاسای نەرم لەڕاستیدا پابەندن بۆ لایەنەکانی گرێبەستە بازرگانییەکان، وە سەرچاوەی پابەندبوونەکە هەمان ئەو شێوەیە نییە کە لەڕێسا یاساییەکانی دەرچوو لەلایەن دەوڵەتانەوەیە، بەڵکو جەوهەری پابەندبوونەکە لە پێویستی ڕێسا یاسایەکان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگایەک سەرچاوە دەگرێت، وە ئەم ڕێکخستنە تایبەت نییە بە کۆمەڵگای دەوڵەتێک، چونکە ڕێکخستن لە شێوەی دەوڵەت پێویست نییە بۆ ئەوەی ئەو ڕێسایانەی کە ڕێکخەرن ببنە پابەندی بە سەریدا، وەک کۆمەڵگای بازرگانی نێودەوڵەتی.[6]

### تەوەری دووەم- جێبەجێکردنی یاسای نەرم وەستاوەتە سەر ویستی تاکەکان

له بواری گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا ئیرادەی لایەنە گرێبەستییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لە هەڵبژاردنی یاسای کارپێکراو بەسەر ئەو گرێبەستەی لە نێوانیاندا بەستراوە و ناکۆکی فقهی هەیە لەسەر ئەوەی کە ئایا توانای ئیرادە بۆ

---

. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=482635

[1] Henry Deeb Gabriel: op. cit.p420.

[2] For example, because the UNIDROIT Principles of International Commercial Con-tracts have a broader scope than the United Nations Convention on Contracts for the Interna-tional Sale of Goods, the Principles have been used to resolve questions not addressed by the CISG. See, e.g., Yoshimoto v. Canterbury Golf Int'l Ltd [2001] 1 NZLR 523 (CA) at [89]; Cour d'appel [CA] [regional court of appeal] Grenoble, civ., Oct. 23, 1996, 94/3859.

[3] European Industrial Relations Dictionary, Soft law, Article available at: (last visit 4/2/2024) , Published: 4 May 2011, Updated:28 November 2014

https://www.eurofound.europa.eu/en/european-industrial-relations-dictionary/soft-law .

[4] Samridhibhatt: op. cit.

[5] ڕشا صلاح، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٢.

[6] د. وهب أحمد محمود: إشكاليات القانون المطبق على الاتفاقيات والعقد الدولي، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢٣،ص٥١.

هەڵبژاردنی یاسای کارپێکراو بەسەر گرێبەستی نێودەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی ڕەهای ئیرادە واتە ئیرادە ئازادە لە دەسەڵاتی یاسا یان بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ خواستی یاسادانەر کە توانای هەڵبژاردنی پێ بەخشیوە.[1]

کەوایە گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان لەبنەڕەتدا ملکەچن بۆ یاسای ویست(قانون الإرادة)، بەواتایەکی تر ئەو یاسایەی کە گرێبەستکارەکان هەڵیدەبژێرن کە ئازادن هەر یاسایەک هەڵبژێرن لە نێویاندا یاسای نەرم[2]، وەک لە یاسای بنەما دادگاییەکانی فەرەنساشدا هاتووە کە ناوبژیوانان ناکۆکییەکە چارەسەر دەکەن بەپێی ئەو یاسایەی کە لایەنەکانی گرێبەستەکە هەڵیانبژاردووە، ئەگەر هاتوو ئەم ویستە لە گرێبەستەکەدا نەبوو ئەوا یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردن بەسەر گرێبەستەکەدا بە لای ناوبژیوانی نێودەوڵەتییەوە بەپێی ئەو ڕێسایانە دەبێت کە گونجاوە و لە هەموو بارودۆخێکدا بە نەریتی بازرگانی دادەنرێت لەگەڵ بنەما گشتییەکان کە دوو نمونەی یاسای نەرمن، کە ئەم دەسەڵاتەی ناوبژیوان هاوشێوەی دەسەڵاتی گرێبەستکارەکانە لەدیاریکردنی یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردن بەسەر گرێبەستەکەدا.[3]

ناوبژیوانی نێودەوڵەتی وەکو دادوەرێکی نەتەوەیی وایە کە ئاماژە بە نەریت دەکات لە بڕیارداندا، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی گرنگ هەیە کە ئەو شێوازە جیادەکاتەوە کە هەریەکە لە ناوبژیوان و دادوەر دەیگرنەبەر لە جێبەجێکردنی ئەم نەریتانە. دادوەر نەریتی نێودەوڵەتی جێبەجێدەکات لە ڕێگای ناکۆکی یاساکان، وە ئەمەش پشت بەستنە بە نەریت بە شێوەیەکی یەدەگی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی لە دەقە نیشتمانییەکاندایە،[4] بەڵام ناوبژیوانی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی نەریتی نێودەوڵەتی پشت بە ڕێسای ناکۆکی یاساکان نابەستێت. بۆیە هیچ ڕێگرییەک نیە لە پێش ناوبژیواندا کە دەست بدات بۆ یاسا بابەتییە جیاوازەکان کە گرنگترینیان نەریتی بازرگانی نێودەوڵەتییە کە یاسای تیبەتمەندە بۆ ناوبژیوان.[5]

## باسی سێیەم- جیاوازی یاسای نەرم لە هاوشێوەکانی

لەم تەوەرەدا و لە لقی یەکەمدا جیاوازییەکانی یاسای نەرم لە یاسای فەرمی دەخەینەڕوو، هەروەها لە لقی دووەمدا جیاوازی ڕێسای یاسای نەرم لە ڕێسای گەڕاندنەوە بۆی نەرم دەخەینەڕوو.

### تەوەری یەکەم- جیاوازی یاسای نەرم لە یاسای فەرمی

دەستەواژەی یاسای نەرم بەکاردێت بۆ کۆمەڵێک ڕێسای یاسایی کە لە ڕووی یاساییەوە پابەندنین، یاسای فەرمی بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە بە پابەندبوونی یاسایی دەکات کە پابەندن لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان،[6] کرۆکی جیاوازی نێوان یاسای فەرمی و نەرم سروشتی ناچارکردنەکەیەتی، یاسای فەرمی ئەرک دەخاتە سەر دەوڵەتەکان بۆ ڕێزگرتن و پابەندبوون

---

[1] د. صلاح علي حسين: الوجيز في تحديد قانون العقد التجاري الدولي، دار الهدي، الإسكندرية، ٢٠١٦، ص٣٩.

[2] د. وهب أحمد محمود: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٣.

[3] Article(1496), Title V(International Arbitration), FRENCH CODE OF CIVIL PROCEDURE-BOOK IV - ARBITRATION IN FORCE 14 MAY 1981, Article available at: (last visit 24/3/2025) https://mitchellhamline.edu .

[4] بو قنطار الحسان: السياسة الخارجية الفرنسية إزاء الوطن العربي منذ عام ١٩٦٧، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٧.

[5] د. وهب أحمد محمود: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٥٥.

[6] Hard law/ soft law, Article available at: (last visit13/5/2025), https://www.ecchr.eu/en/glossary/hard-law-soft-law/.

پێیەوە، لە کاتێکدا یاسای نەرم نەرمی تێدایە، سەرەڕای نەرمییەکەشی بۆ داڕشتنی سیاسەتی جیهانی بێ بایەخ نییە و زۆرجار وەک پێشینەیەکی گرنگ بۆ یاسای فەرمی خزمەت دەکات.[1]

تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی نێوان یاسای فەرمی و یاسای نەرم گرنگە ئەگەر کەسێک بیەوێت تێبگات چۆن سیستەمی یاسایی لەسەر ئاستی جیهان کار دەکات. لە سیستەمی ئاڵۆزی حوکمڕانی نێودەوڵەتیدا، چەمکەکانی یاسای فەرمی و نەرم وەک پێکهاتەی بناغەیی لە ڕێکخستنی کاروباری جیهان و سیاسەتەکاندا دەردەکەون.[2]

دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا جیاوازی یاسای نەرم لە یاسای فەرمی کورتبکەینەوە:

١- یاسای فەرمی پابەندبوون دەخاتە ئەستۆی لایەنە پەیوەندیدارەکان، هەر پابەندنەبوونێک کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە.

بەڵام یاسای نەرم هەمان پلەی جێبەجێکردنی یاسای فەرمی نییە، وە پابەندبوون پێیەوە هەڵبژاردنە(اختياري)ە، لەبەرئەنجامی پابەندنەبوونەوە هیچ سزایەکی یاسایی نییە.

٢- یاسای فەرمی دەتوانرێت لە ڕێگەی میکانیزمی یاساییەوە جێبەجێ بکرێت، وەک دادگاکان چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی بێ یان نێودەوڵەتی. بە پێچەوانەوە، یاسای نەرم میکانیزمێکی فەرمی نییە بۆ جێبەجێ کردنی، وە هەروەها پابەندبوون پێیەوە هەڵبژاردنە(اختياري)ە.

٣- یاسای فەرمی زۆرجار بە بەکارهێنانی زمانێکی ڕوون و دیاریکراو و ورد دەناسرێتەوە بۆ گەرەنتی لێکدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕوون. ئەمە لەکاتێکدایە کە یاسای نەرم، نەرمتر و کراوەترە بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر، کە ئەمەش وایلێدەکات تا ئاستێکی دیاریکراو توانای وەڵامدانەوە و خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ بارودۆخە گەشەسەندووەکاندا.

٤-یاسای فەرمی جۆرێکە لە یاسا کە بەڕوونی ماف و بەرپرسیارێتی یاسایی بۆ ئەوانەی تێوەگلاون دیاری دەکات. یاسای نەرم بنەما لەخۆدەگرێت کە مەرج نییە ماف و ئەرکی یاسایی دابمەزرێنن.

٥- یاسای فەرمی، بە گشتی مەبەست پێی ئەوەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت و پێویستی بە ڕێوشوێنی ڕەسمی هەیە بۆ هەر گۆڕانکارییەک یان هەڵوەشاندنەوەیەک. لەلایەکی ترەوە، یاسای نەرم سوودی ئەوەی هەیە کە نەرمتر دەبێت لە وەڵامدانەوەی بارودۆخە جیاوازەکان و دەتوانێت بە تێپەڕبوونی کات بە ئاسانی گەشە بکات و بگۆڕێت.

---

[1] Understand Hard Law vs. Soft Law, Article available at: (last visit10/5/2025), https://t3-consultants.com .

[2] Ibid.

Hard Law: Consists of legally binding rules and regulations that can be enforced through the legal system, such as treaties, statutes, and codes. It is mandatory and comes with precise, defined compliance mechanisms.

Soft Law: Includes voluntary and non-obligatory agreements, guidelines, and principles, such as declarations, resolutions, and standards. These are not “laws” in the real sense, but they are valuable tools for steering state behavior and laying down norms.

٦- یاسای فەرمی پێگەیەکی گرنگی هەیە لە داڕشتنی چوارچێوەی یاسایی نێودەوڵەتی و یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان نەتەوەکان. یاسای نەرم ڕۆڵی هەیە لە پێکهێنانی نەریتی نێودەوڵەتی، هەروەها دامەزراندنی بناغەیەک بۆ پێکهێنانی یاسای فەرمی لە داهاتوودا.[1]

٧- یاسای فەرمی شێوەی پەیماننامەکان، ڕێککەوتنەکان، یاساکان وەردەگرێت. یاسای نەرم شێوەی دابونەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی، مەرجە گشتییەکان و گرێبەستە نموونەییەکان، پرەنسیپە گشتییەکانی یاسا، ڕێساکانی دادپەروەری وەردەگرێت.[2]

تەوەری دووەم- جیاوازی ڕێسای یاسای نەرم لە ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی نەرم

زۆربەی توێژینەوەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە فەلسەفە و ئامانجی سەرەکی لە ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆ (قواعد الاسناد) بەدیهێنانی دادپەروەرییە لە ڕێگەی دۆزینەوەی باشترین و گونجاوترین یاسا بۆ جێبەجێکردنی بەسەر ناکۆکییەکاندا.[3] ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆ پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە بە زانستی ناکۆکی یاساکانەوە، کە زۆرجار ئەو دوو دەستەواژەیە وەکو هاو واتا بەکار دەهێنرێت، کە ئەرکی ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆیە ناکۆکی لە پەیوەندییە نەتەوەییەکاندا چارەسەر بکات کە ڕەگەزێکی بیانی یان زیاتری تێدایە، بۆیە ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆ پێناسە دەکرێت بەوەی کە "ئەو ڕێسا یاساییانەن کە ڕێنمایی دادوەر دەکەن بۆ ئەو یاسایەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت بەسەر ئەو پەیوەندییە یاساییانەی کە ڕەگەزێکی بیانی یان زیاتری تێدایە"،[4] ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆ چارەسەرێکی بابەتی بە ناکۆکییەکە نادەن بەڵکو دادوەر ئاراستە دەکات بۆ یاسای تایبەتمەند وە ئەو یاسایەی کە نزیکترین پەیوەندی هەیە بە ناکۆکییەکەوە بە چاوپۆشیکردن لە ناوەڕۆکی ئەو یاسایە، کە ئەمەش وایلێدەکات ڕێسایەکی ئاراستەکەر بێت نەک ڕێسایەکی بڕیاردەر.[5]

کەوایە ناکۆکی نێوان ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆی فەرمی کە بە بێلایەن وەسف دەکرێت لەگەڵ بیرۆکەی ڕێزگرتن لە پێشبینییە ڕەواکانی تاکەکان(فكرة احترام التوقعات المشروعة) یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وادەکات ڕێسای گەڕاندنەوەبۆ پێویستی بە ڕێژەیەک نەرمی هەبێت لە جێبەجێکردندا، وە بۆ ئەمەش پێویست دەکات دادوەر دەستتێوەردان بکات هەندێ

[1] Lawyer Vu Thi Phuong Thanh and Lawyer Tran My Le: Hard Law And Soft Law: Know The Differences, Article available at: (last visit19/5/2025), https://tlalaw.vn/hard-law-and-soft-law-know-the-differences.tla
.

[2] Ole Lando: The Lex Mercatoria in International Commercial Arbitration, Published By: Cambridge University Press, v:34, 1985, p748, , Article available at: (last visit2/8/2025),
https://www.jstor.org .

[3] أحمد عباس عمران: أثر العدالة المادية في الصياغة التشريعية لقواعد الأسناد، رسالة ماجستير،قسم القانون، مجلس معهد العلمين للدراسات العليا، ٢٠٢١،ص١٤.

[4] د. محمد جلال حسن الأتروشي و د. عبدالرسول عبدالرضا الأسدي و د. عبدالله فاضل میرانی: ٢٠٢٠، یاسای نێودەوڵەتی تایبەت(کتێبی دووەم)، وەرگێڕانی مافپەروەر و شارەزای دادوەری ڕێبوار محمد ڕەشید، کتێبخانەی یادگار، ٢٠٢١،ل ١١١.

[5] بلاش ليندة: قواعد الإسناد: بين طابعها الآلي و تحقيق الأمن القانوني، المجلة الأكاديمية للبحث القانوني، العدد٠١، ٢٠١٩،ص١٣٠، مقال منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٥/٢٨)، https://www.asjp.cerist.dz/en/PresentationRevue/72 .

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

کات بۆ ئەوەی ئاسایشی یاسایی(الأمن القانوني) و گەرەنتی پێشبینییە ڕەواکانی تاکەکان وە هەروەها دادپەروەری بەدیبێت و بگونجێت لەگەڵ بارودۆخی ناکۆکییەکەدا.[1]

ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی فەرمیمان هەیە کە ڕێسایەکی تەقلیدییە و پێشوەختە ئەو یاسایەی دیاریکردوە کە جێبەجێ دەکرێت بەسەر ناکۆکییەکەدا وە زۆرترین پەیوەندی بە گرێبەستە نێودەوڵەتییەکەوە هەیە کاتێک کە لایەنەکان بێدەنگن لە دیاریکردنی ئەو یاسایەی کە بەسەر گرێبەستەکەدا جێبەجێدەکرێت بە ڕاشکاوانە یان بە ناڕاستەوخۆ،[2] کە ئەمەش دەرفەت دەدات بە گرێبەستکارەکان کە زانیاری پێشوەختەیان هەبێت لەسەر یاسای جێبەجێکراو لە حاڵەتی بێدەنگبوون، کە ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی ئاسایشی یاسایی و گرەنتی پێشبینییە ڕەواکانی تاکەکان وە هەروەها سەقامگیربوونی خواستەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی.[3] لەوکاتەدا کە گرێبەستکارەکان بێدەنگن لە گرێبەستەکەدا بەپێی ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی فەرمی یاسادانەر ئەو یاسایەی دیاریکردوە کە نزیکترین پەیوەندی هەیە بە گرێبەستەکەوە، وەکو یاسای کارتی نیشتیمانی یان نشینگەی هاوبەشی نێوان لایەنەکان یان یاسای ئەو دەوڵەتەی کە گرێبەستەکەی تێدا بەستراوە یان جێبەجێکراوە، کە ئەم ڕێبازە ناودەبرێت بە ڕێبازی یاسادانان.[4]

لەبەرامبەر ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی فەرمیدا ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی نەرممان هەیە، کە ئەم ڕێسایە ئاماژە دەکات بۆ چەند هەڵبژاردەیەک و ڕیزیاندەکات، کاتێک دەگەین بەم ڕێگا چارەیە کە گرێبەستکارەکان یاسایەکی دیاریکراویان هەڵنەبژاردبوو وەهەروەها یاسادانەر لەڕێگای ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی فەرمیەوە یاسایەکی دیارینەکردبوو بۆیە دادوەر ئەویاسایەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت بەسەر گرێبەستەکەدا دەردەهێنێت لەڕێگای تیشک خستنەسەر گرێبەستەکە و دیاریکردنی سروشتە خودییەکەی(طبیعته الذاتیة)، کە بەم شێوەیەش ڕێسای گەڕاندنەوەبۆی سەربەخۆمان هەیە بۆ هەر پۆلێک لە گرێبەست کە سروشتێکی هاوشێوەیان هەیە لەبەر ڕۆشنایی بیرۆکەی "شوێنی ئەدای جیاواز"( محل الأداء الممیز).[5] بەپێی ئەم ڕێبازە نەرمەبێت ڕێسای گەڕاندنەوەبۆ لەسەر تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکەی دەمێنێتەوە کە ڕێسایەکی پێشوەختەیە و جیاوازنیە لە گرێبەستێکەوە بۆ یەکێکیتر کە سروشتێکی هاوشێوەیان هەیە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەقامگیری لە پەیوەندییە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا دروست ببێت و پێشبینییە ڕەواکانی لایەنەکان بپارێزرێت[6]

بەڵام دەربارەی ڕێسای یاسای نەرم بەو شێوەیەیە کە دادوەر نەرمیی دەنوێنێت لەکاتی جێبەجێکردنی دەقە یاساییەکاندا و لەکاتی دانانی چارەسەری گونجاو بۆ هەر حاڵەتێک بە پێی ئەو بارودۆخەی کە دەوری ئەو حاڵەتەی داوە کە ئەمەش وادەکات حوکمی هەر حاڵەتێک جیاوازبێت لە حاڵەتێکیتر، دادوەر دەسەڵاتێکی فراوانی هەیەلەکاتی جێبەجێکردنی دەقێکی یاسای نەرم بۆ بەدیهاتنی دادپەروەری، ڕێسای یاسای نەرم ئەو گۆڕانکاریانە لەخۆدەگرێت کە لە ژیانی کرداریدا

---

[1] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

[2] د. صلاح علی حسین: الوجیز في تحدید قانون العقد التجاري الدولي، د.ط، منشأة المعارف، الإسكندرية، ٢٠١٥، ص٦١.

[3] د. هشام علی صادق: القانون الواجب التطبیق علی عقود التجارة الدولیة، الطبعة الثانیة، دار الفكر الجامعی، الاسكندریة، ٢٠٠١، ص ٥٤٩.

[4] د. ثامر داود عبود خضیر الشافعي: دور الإرادة في تحدید الاختصاص التشریعي في العقد الدولي، الطبعة الأولی، المركز العربي للنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٢١، ص١٠٢.

[5] د. بلاق محمد: قواعد التنازع والقواعد المادیة في منازعات عقود التجارة الدولیة، الطبعة الأولی، دار الفكر الجامعی، الاسكندریة، ٢٠١٥، ص٧٦.

[6] هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و لە کاتی دانانی یاسادا چاوەڕوانکراو نەبووە، کە ئەمەش ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بابەتی.[1]

لەم دەقەی یاسای شارستانی عێراقییەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە نەرمییەکی جۆری( المرونة النوعية) لە یاسای عێراقیدا هەیە لە کۆتایی دەقی مادده(١/٢٥)دا هاتووە کە یاسای شوێنی بەستنی گرێبەستەکە جێبەجێ دەکرێت کاتێک شوێنی نیشتەجێبوونیان یەک نەبێت کە لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە یاسای شوێنی نیشتەجێبوونی هاوبەشی لایەنەکانی وەرگرتووە بۆ هەموو جۆرەکانی گرێبەست بە بێ جیاوازی.

هەروەها دەقی ماددەی(٣٠)مان هەیە لەیاسای شارستانی عێراقی کە ڕێگە دەدات بە جێبەجێکردنی یاسای نەرم لە ڕێگای جێبەجێکردنی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتەوە بەم شێوەیە: (دەربارەی هەر حاڵەتێک لە حاڵەتەکانی ناکۆکی نێوان یاساکان کەوا لە ماددەکانی پێشوو نەهاتبێت گشتگیرترین بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی تایبەت پەیڕەو دەکرێن).

**باسی چوارەم- کێشەکانی یاسای نەرم**

لە کۆتا تەوەری ئەم باسەماندا دیارترین[2] کێشەکانی یاسای نەرم باس دەکەین، لە لقی یەکەمدا نەبوونی خەسڵەتی پابەندبوونی یاسای نەرم دەخەینەڕوو، لە لقی دووەمدا سنورداربیەتی چوارچێوەی یاسای نەرم دەخەینەڕوو.

## تەوەری یەکەم- نەبوونی خەسڵەتی پابەندبوونی یاسای نەرم

یەکێک لە کێشەکان و خەسڵەتەکانی یاسای نەرم ئەوەیە کە پابەند نییە و سزای لەسەر نیە لە حاڵەتی سەرپێچی کردنی بەندەکانیدا، وە لە جیهانی ئێستای نێودەوڵەتیدا سەردەمی یاسای نەرمە لە تەنیشت یاسای تەقلیدییەوە، هەرچەندە یاسای نەرم ناپابەندییە بەڵام بایەخی یاسایی خۆی هەیە دەکەوێتە نێوان یاسا و سیاسەت،[3] وە ڕێزی لێ دەگیرێت چونکە ئامرازی جێبەجێکردنیان تێدایە.[4]

---

[1] سلوى مهدي حسين: قاعدة الإسناد بين قيود النص القانوني و متطلبات الواقع(دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة كربلاء، ٢٠٢٣، ص٨٠.

[2] The European Center for Not-for-Profit Law, SOFT LAW, HARD CONSEQUENCES, available at: (last visit20/7/2025), https://www.ohchr.org .

یەکێکی تر لە کێشەکانی یاسای نەرم لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا ئەوەیە کە دامەزراوەکانی دژە تیرۆری جیهانی و ناوچەیی بڕێکی زۆر لەیاسای نەرم بەرهەم دەهێنن، کە دەوڵەتان ئەم بەندانەی یاسای نەرم بەکاردەهێنن بۆ ڕێکخستنی تیرۆر، توندڕەوی، توندوتیژی. بەم شێوەیە یاسای نەرم بەشێوەیەکی بەربڵاو دەگۆڕێت بۆ یاسای فەرمی و ناچاری. لەگەڵ ئەوەشدا، نەبوونی شارەزایی و هەڵسەنگاندن لە بواری مافەکانی مرۆڤ لە پەسەندکردنی یاسای نەرمدا کە ئەمەش وادەکات ڕێساکانی یاسای نەرم دەربچێت لە پرۆسەی ناڕوونەوە.

[3] Ingird wuerth, custom in the age of soft law, working paper, p1, Article available at: (last visit13/7/2025), https://www.iilj.org.

[4] Alexander demin, soft law concept in a globalized world: issues and prospects, p63, Article available at: (last visit18/7/2025), https://law-journal.hse.ru .

یاسای نەرم پرەنسیپەکانی زۆر بەربڵاو نین و نەناسراون وە ڕێساکانی هەندێک جار ناڕوونن کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی وڵاتان پابەند نەبن پێیەوە[1] هەروەها بەرپرسیارێتی ناکەوێتە سەر دەوڵەتان لە کاتی سەرپێچی کردنیدا،[2] سەرەڕای ناپابەندبوونی یاسای نەرم توێژینەوەیەک بە بەکارهێنانی داتای ١٠٧ وڵات هەوڵیدا ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی وڵاتان پابەندن بە یاسای نەرم، ئەنجامەکان دەریدەخەن ئەو وڵاتانەی کە پابەندن ڕەچاوکردنی ناوبانگ بۆیان گرنگبووە.[3]

یاسای نەرم بەتەواوی خاڵی نییە لە سزا و پابەندبوون بەڵکو زۆربەی کات ئەو وڵاتانەی کە سەرپێچی دەکەن ڕووبەڕووی نارەزایی و سەرکۆنەکردن و ئیدانەکردن دەبنەوە، ئەمەش وادەکات ئەم یاسایانە زۆرجار پەیوەستبن بە شێوازێکی تایبەتی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، کە یەکێکە لە ئامرازەکانی فشار و کاریگەری لەسەر هەڵسوکەوتی ئەو لایەنەی کە سەرپێچی بەندەکانی ئەم یاسایە دەکات.[4]

### تەوەری دووەم- سنورداریەتی چوارچێوەی یاسای نەرم

بێگومان ئێمە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا ڕێسا بابەتییەکان (القواعد الموضوعية) مان هەیە ئەوەی کەسەرچاوەیەکی خۆبەخۆییە (المصدر التلقائی)ە، کە ڕێسا یاساییە نەرمەکان دەگرێتەوە و وەکو تەواوکەری ڕێسای گەڕاندنەوەبۆ کاردەکات کە ئەمە بۆچوونی پەسەندکراو و گونجاوە هەرچەندە یاساناسان بۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە دەربارەی ڕۆڵی ڕێسا یاساییە نەرمەکان، واتە ناگونجێت ڕێسا یاساییە نەرمەکان جێبەجێبکرێن بەسەر هەموو بابەتێکدا.[5] ڕێساکانی یاسای نەرم بەزۆری لەبواری ناوبژیوانی بازرگانی نێودەوڵەتیدا جێبەجێ دەکرێن،[6] بەوپێیەی دەستەکانی ناوبژیوانی، وەک دەستەی کارامە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان تاکەکان لە بازنەی پیشەیی و بازرگانی نێودەوڵەتیدا ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەبووە لە پێکهێنانی ئەو داب و نەریتە نێودەوڵەتییانەی کە لەم بازنەیەدا زاڵن و پێدانی سیمای یاسای پابەندکەر پێیان و جێبەجێکردنیان بەسەر

---

[1] Dr. Shaza Abboudi Abbas, Non-binding International Law, Tikrit University For Rights, Year: 9, Vol: 9, 2025,p443, Article available at: (last visit13/7/2025) https://iasj.rdd.edu.iq.

[2] Walter kalin, how hard is soft law? The guiding principles on internal displacement and the need for a normative framework, university of bern, Switzerland, 19 december2001, p, Article available at: (last visit13/7/2025) https://www.researchgate.net.

[3] Dinah L. Shelton, Soft Law, George Washington University Law School, 2008, p19, Article available at: (last visit13/7/2025) https://scholarship.law.gwu.edu.

[4] د. وسام نعمت ابراهيم السعدي: فلسفة القانون المرن واشكالياته في القانون الدولي المعاصر، مجلة دراسات إقليمية، السنة: ١٦، العدد: ٥٢، ٢٠٢٢، ص١٩٨، منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٧/١٨)، https://www.researchgate.net

[5] د. خليل إبراهيم محمد خليل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٠٦ .

[6] لەم ساڵانەی دواییدا، ژمارەی ئەو گرێبەستانە زیادی کردووە کە ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکان لەخۆدەگرێت بۆ جێبەجێکردنی ڕێسا نێودەوڵەتییەکان، وەک بنەما گشتییەکان یان نەریتی بازرگانی یان یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی. هەروەها ناوبژیوانان خۆیان ئەم ڕێسا جیهانیانەیان جێبەجێ کردووە، بەتەنها یان بە تێکەڵاو لەگەڵ یەکتردا یان لەگەڵ یاسا نیشتمانییەکان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
Wühler, Norbert, Application of General Principles of Law, in van den Berg (ed.), Planning efficient Arbitration Proceedings - The Law Applicable in International Arbitration, p554, Article available at: (last visit16/8/2025) https://www.trans-lex.org .

کێشەکانی گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا،[1] کۆمەڵێک لە یاساناسان پێیان وایە کە ئەم ڕێسایانە ڕۆڵی یاسای تایبەتمەندی دەستەی ناوبژیوانی دەبینن، بۆیە ئەم دادگایە ڕاستەوخۆ ئەم ڕێسایانە جێبەجێ دەکات بەسەر ئەو ناکۆکییانەی دێنە پێشی کە لە گرێبەستە بازرگانییەکانەوە دەکەونەوە، بەبێ پشتبەستن بە ڕێبازی گەڕاندنەوەبۆ، بۆیە زۆربەی بڕیارەکانی ئەم دادگایە جێبەجێکردنێکی ڕاستەوخۆیە بۆ ڕێسا یاساییە نەرمەکان تەنانەت ئەگەر ویستی لایەنەکانی گرێبەستەکە بۆ ئەوەش نەچووبێت.[2]

ڕێساکانی ناکۆکی یاساکان (ڕێسای گەڕاندنەوەبۆ) ئەو یاسایە دیاری دەکات کە پێویستە جێبەجێبکرێت لە لایەن ناوبژیوان یان دەستەی ناوبژیوانی، پاشان ناوبژیوان ڕێساکانی داب و نەریتی بازرگانی نێودەوڵەتی لەبەرچاو دەگرێت، کە ئەمەش جۆرێکە لە تەواوکاری( التكامل) لە نێوان ڕێساکانی ناکۆکی یاساکانەوە کە دانراوی دەوڵەتانن لەگەڵ ڕێسا یاساییە نەرمەکان کەڕێسای نێودەوڵەتین.[3]

سەبارەت بە گرێبەستە نمونەییەکان کە یەکێکن لە پێکهێنەرەکانی یاسای نەرم، خەسڵەتی پابەندبوونیان تێدا نییە وە کاریان پێناکرێت تەنها لە حاڵێتکدا نەبێت کە لایەنەکان ڕێککەوتبن لە سەر جێبەجێکردنیان، ڕێککەوتنی لایەنەکانیش بەپێی ڕێسای گەڕاندنەوەبۆ دەبێت.[4] هەروەها پرەنسیپەکانی(یونیدروا)[5]مان هەیە، کە بنەمای یەکگرتوون بۆ گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان و لە دانراوی پەیمانگای یەکخستنی یاسای تایبەتن، نمونەیەکی ترن لە پشتبەستن بە ڕێساکانی گەڕاندنەوەبۆ، ئامانج لەم بنەمایانە دانانی ڕێسای گشتییە تایبەت بە گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، کاتێک جێبەجێ دەبن لایەنەکان ڕێککەوتبن لەسەر ئەوەی کە گرییەستەکە ملکەچبێت بۆ ئەو بنەمایانە.[6]

دەرئەنجام

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا، دەگەینە کۆمەڵێک ئەنجام و ڕاسپاردە، بەم شێوەیە:

## ئەنجام

١- یاسای نەرم لەلایەن هیچ دەزگایەکی فەرمییەوە دەرنەکراوە، هیچ هێزێکی ناچاری نییە.

[1] د. هشام علي صادق، القانون الواجب التطبيق على عقود التجارة الدولية، منشأة المعارف، الإسكندرية، ١٩٩٥، ص١٦٣.

[2] د. خليل إبراهيم محمد خليل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٠٧.

[3] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٣١٤.

[4] د. خليل إبراهيم محمد خليل: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣١٥.

[5] پرەنسیپەکانی یونیدروا پێناسە دەکرێت بەم شێوەیە: ڕێکخستنێکی یاسایی نافەرمییە بۆ گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، دەرچووی ڕێکخراوی حکومی نێودەوڵەتیی سەربەخۆیە( پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ یەکخستنی یاسای تایبەت). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
أ.د.محمد سليمان الأحمد و د.عبدالله فاضل حامد: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٠.

[6] Michael Joachim Bonell: The UNIDROIT Principles Of International Commercial Contracts, p7, Article available at: (last visit21/8/2025),
http://www.unidroit.org/english/principles/pr-exper.htm .

٢- یاسای نەرم لە سکی پێداویستییەکانی بازرگانی نێودەوڵەتییەوە سەریهەڵداوە، بۆیە وەڵامی ئەم پێداویستییانە دەداتەوە، لەسەر ئەم بنەمایە لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵیدەبژێرن بۆ ئەوەی بەسەر گرێبەست و ناکۆکییەکانیاندا جێبەجێی بکەن.

٣- بە شێوەیەکی گشتیی ناوبژیوانان یاسای نەرم پەسەند دەکەن، لەوانە بنەماکانی UNIDROIT لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان بەهۆی گونجاندنیان لەگەڵ سروشتی ئەم جۆرە گرێبەستانە.

٤- دادگا نیشتمانییەکان زۆر وریان لە بڕیاردان لەسەر هەلوەشاندنەوە جێبەجێنەکردنی بڕیاری ناوبژیوانی، هەر بۆیە یاسای نەرم وەک ئامرازێک کاردەکات بۆ پێشبینیکردنی بڕیاری ناوبژیوانی بازرگانی نێودەوڵەتی.

## ڕاسپاردە

١- پێشنیار بۆ ئەو تاکانەی کە مامەڵە دەکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لایەنەکانی گرێبەستی بازرگانی نێودەوڵەتی یان بەلایەنی کەمەوە ڕاوێژکارە یاساییەکان، کە بنەماکانی UNIDROIT لەبەرچاو بگرن بۆ ڕێکخستنی گرێبەستەکان، چونکە یەکدەگرنەوە و دەگونجێن لەگەڵ سروشتی ئەم گرێبەستانەدا، ئەگەر یاسای نیشتمانی دەوڵەتی دادوەر ڕێگە نەدات بەوەی گرێبەستەکە ملکەچبێت بۆ نمونەی ئەو جۆرە ڕێسا نافەرمییانە، ئەوا پێگەی مەرجەکانی گرێبەستەکە دادەبەزێت کەڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەڕێکخستنی گرێبەستەکە.

٢- پێشنیارمان بۆ یاسادانەری عێراقی ئەوەیە کە ماددەیەک لە یاسای ڕێککاری شارستانییەکانی عێراقی زیادبکەن تایبەت بە ناوبژیکردن، وە دەستەواژەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت: ( گرێبەستکارەکان ئازادییەکی تەواویان هەیە لە ڕێککەوتن لەسەر یاسای پێویست بۆ جێبەجێکردن لەکاتی بوونی ناکۆکی لە گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا لە پێش دەستەی ناوبژیوانی، ئەگەر ئەم یاسایە فەرمی بێت یان نافەرمی بێت، لە نەبوونی ئەم جۆرە ڕێککەوتنەدا، دەستەی ناوبژیوانی ئەو یاسایە جێبەجێ دەکات کە کە زیاتر گونجاوە لەگەڵ یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکە، تەنانەت ئەگەر ئەو یاسایە یاسای گرێبەستەکە بێت یان یاسای نافەرمی پەیوەست بە گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان).

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب**

١- د. أحمد نعمة خضير الجبوري: دور المبادئ العامة في تطوير قواعد القانون الدولي الخاص، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢٢.

٢- أ.م. بلاق محمد: قواعد التنازع والقواعد المادية في منازعات عقود التجارة الدولية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ط١، ٢٠١٥.

٣- بو قنطار الحسان: السياسة الخارجية الفرنسية إزاء الوطن العربي منذ عام ١٩٦٧، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ١٩٨٧.

٤- د. ثامر داود عبود خضير الشافعي: دور الإرادة في تحديد الاختصاص التشريعي في العقد الدولي، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢١.

٥- د. حفيظة السيد حداد: العقود المبرمة بين الدول والاشخاص الاجنبية، منشورات الحلبي الحقوقية، لبنان، ٢٠٠٣.

٦- د: خليل إبراهيم محمد خليل: تكامل مناهج تنازع القوانين، الطبعة الأولى، دار الفكر الجامعي،الاسكندرية، ٢٠١٥.

٧- د. سمير عبدالسيد تناغو: النضرية العامة للقانون، منشأة المعارف، الاسكندرية، ١٩٩٨.

٨- د. صلاح على حسين: الوجيز في تحديد قانون العقد التجاري الدولي، د.ط، منشأة المعارف، الإسكندرية، ٢٠١٥.
٩- د. صلاح علي حسين: الوجيز في تحديد قانون العقد التجاري الدولي، دار الهدي، الإسكندرية، ٢٠١٦.
١٠- د. محمد جلال حسن الأتروشي و د. عبدالرسول عبدالرضا الأسدي و د. عبدالله فاضل ميرانى: ٢٠٢٠، ياساى نێودەوڵەتى تايبەت(كتێبى دووەم)، وەرگێڕانى مافپەروەر و شارەزاى دادوەرى ڕێبوار محمد ڕەشيد، كتێبخانەى يادگار، ٢٠٢١،ل ١١١.
١١- د. محمود محمد ياقوت: نحو مفهوم حديث لقانون عقود التجارة الدولية، الطبعة الأولى، دار الفكر الجامعي، الإسكندرية، ٢٠١٢.
١٢- محمود محمود المغربي: في إشكالية تقنين القانون الدولي الخاص، المؤسسة الحديثة للكتاب، طرابلس- لبنان، ٢٠٠٧.
١٣- د. هشام علي صادق، القانون الواجب التطبيق على عقود التجارة الدولية، منشأة المعارف، الإسكندرية، ١٩٩٥.
١٤- د. هشام على صادق: القانون الواجب التطبيق على عقود التجارة الدولية، الطبعة الثانية، دار الفكر الجامعى، الاسكندرية، ٢٠٠١.
١٥- د. وهب أحمد محمود: إشكاليات القانون المطبق على الاتفاقيات والعقد الدولي، الطبعة الأولى، المركز العربي للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٢٣.

دووەم: توێژینەوەی زانکۆیی
١- بلاش ليندة: قواعد الإسناد: بين طابعها الآلي و تحقيق الأمن القانوني، المجلة الأكاديمية للبحث القانوني، العدد١٠، ٢٠١٩،ص١٣٠، مقال منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة٢٠٢٥/٥/٢٨)، https://www.asjp.cerist.dz/en/PresentationRevue/72 .
٢- بواط محمد: دور القانون المرن في الحفاظ على البيئة العالمية، المجلة الجزائرية للحقوق والعلوم السياسية، العدد ٠٢، المجلد٠٦، جامعة حسيبة بن بو علي الشلف، الجزائر، ٢٠٢١.
٣- رشا صلاح، القانون الناعم.. قانون السلوك الاجتماعي، منشور على الرابط التالي: تاريخ الزيارة(٢٠٢٤/١٢/٢٨) https://anbaq.com/3aq62/2021/9/24 ، تاريخ الزيارة(٢٠٢٤/١٢/٢٥).
٤- رشيد مجيد محمد الربيعي: مفهوم القانون الميسور (المرن) في القانون الدولي العام، المجلة المصرية للقانون الدولي، العدد٦١، ٢٠٠٥.
٥- محمد ثامر: الصياغة المرنة في القانون الدولي، الحوار المتمدن، العدد٤٩٠٩ ، ٢٠١٥، مقال منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/١/١٤)
https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=482635 .
٦- د. وسام نعمت ابراهيم السعدي: فلسفة القانون المرن واشكالياته في القانون الدولي المعاصر، مجلة دراسات إقليمية، السنة: ١٦، العدد: ٥٢، ٢٠٢٢، ص١٩٨، منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٧/١٨)، https://www.researchgate.net .

سێیەم: ماستەرنامە و تێزی زانکۆیی
١- أحمد عباس عمران: أثر العدالة المادية في الصياغة التشريعية لقواعد الأسناد، رسالة ماجستير،قسم القانون، مجلس معهد العلمين للدراسات العليا، ٢٠٢١.
٢- سلوى مهدي حسين: قاعدة الإسناد بين قيود النص القانوني و متطلبات الواقع(دراسة مقارنة)، رسالة ماجستير، كلية القانون، جامعة كربلاء، ٢٠٢٣، ص٨٠.

چوارەم: دەستوور و یاساکان
١- ياساى شارستانى عێراقى ژمارە (٤٠)ى ساڵى (١٩٥١)ى هەمواركراو.

٢- الباب الخامس( حكم التحكيم وإنهاء الإجرائات)، مادة (٣٩) من قانون التحكيم في المواد المدنية والتجارية الصادر بالقانون رقم(٢٧) لسنة (١٩٩٤) وفقا لأخر التعديلات، القاهرة، ٢٠٢١، منشور على الرابط التالي: (تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٧/٣)، https://crcica.org.

**سەرچاوەكان بە زمانی ئنگلیزی**

1- Alan boyle, soft law in international law. cambridge university press, second edition 2005, p25.

2- Alexander demin, soft law concept in a globalized world: issues and prospects, p63, Article available at: (last visit18/7/2025), https://law-journal.hse.ru .

3- Article(1496), Title V(International Arbitration), FRENCH CODE OF CIVIL PROCEDURE-BOOK IV - ARBITRATION IN FORCE 14 MAY 1981, Article available at: (last visit 24/3/2025) https://mitchellhamline.edu .

4- Bini Saroj and Abba Kolo: Soft Law in International Investment Law, BUiD Doctoral Research Conference 2023, The British University in Dubai, United Arab Emirates, 2023, published by the registered company Springer Nature Switzerland AG,p389, Article available at: (last visit 1/8/2025), https://link.springer.com .

5- Dimitrios Athanasakis , Law applicable to the merits of the arbitration dispute (an overview of the English, Swiss and French arbitration laws), 01.September 2008, P5. http://mpra.ub.uni-muenchen.de/10334 .

6- Dinah L. Shelton, Soft Law, George Washington University Law School, 2008, p19, Article available at: (last visit13/7/2025) https://scholarship.law.gwu.edu.

7- Eric A. Posner : Soft Law in Domestic and International Settings, Article available at: (last visit 30/12/2024) https://www.j.u-tokyo.ac.jp .

8- European Industrial Relations Dictionary, Soft law, Article available at: (last visit 4/2/2024) , Published: 4 May 2011, Updated:28 November 2014 https://www.eurofound.europa.eu/en/european-industrial-relations-dictionary/soft-law .

9- For example, because the UNIDROIT Principles of International Commercial Con-tracts have a broader scope than the United Nations Convention on Contracts for the Interna-tional Sale of Goods, the Principles have been used to resolve questions not addressed by the CISG. See, e.g., Yoshimoto v. Canterbury Golf Int'l Ltd [2001] 1 NZLR 523 (CA) at [89]; Cour d'appel [CA] [regional court of appeal] Grenoble, civ., Oct. 23, 1996, 94/3859.

10- Gabrielle Kaufmann-Kohler: Soft Law in International Arbitration: Codification and Normativity, Journal of International Dispute Settlement, Volume1, Issue2, 2010, p1, Article available at: (last visit 29/7/2025) https://academic.oup.com .

11- Hard law/ soft law, Article available at: (last visit13/5/2025), https://www.ecchr.eu/en/glossary/hard-law-soft-law/.

12- Henry Deeb Gabriel: The Use of Soft Law in the Creation of Legal Norms in International Commercial Law: How Successful Has It Been?, Michigan Journal of International law, Volume 40, Issue 3, Michigan, 2019, p.413, Article available at: (last visit 23/12/2024)
https://repository.law.umich.edu/mjil/vol40/iss3/3 .

13- Ingird wuerth, custom in the age of soft law, working paper, p1, Article available at: (last visit13/7/2025), https://www.iilj.org.

14- Kern Alexander: THE ROLE OF SOFT LAW IN THE LEGALIZATION OF INTERNATIONAL BANKING SUPERVISION: A CONCEPTUAL APPROACH, ESRC Center for Business Research, 2000,p. 3, Article available at: (last visit 23/12/2024)
https://www.jbs.com.ac.uk .

15-Ole Lando: The Lex Mercatoria in International Commercial Arbitration, Published By: Cambridge University Press, v:34, 1985, p748, , Article available at: (last visit2/8/2025),
https://www.jstor.org .

16- Samridhibhatt: International Law is a Soft Law: A Critical Analysis, Legal Service India E- Journal, Article available at: (last visit 28/12/2024)
(https://www.legalserviceindia.com/ lawyers/lawyers_home.htm)

17- Dr. Shaza Abboudi Abbas, Non-binding International Law, Tikrit University For Rights, Year: 9, Vol: 9, 2025,p443, Article available at: (last visit13/7/2025) https://iasj.rdd.edu.iq.

18- The European Center for Not-for-Profit Law, SOFT LAW, HARD CONSEQUENCES, available at: (last visit20/7/2025), https://www.ohchr.org .

19- Understand Hard Law vs. Soft Law, Article available at: (last visit10/5/2025),
https://t3-consultants.com .

20- Lawyer Vu Thi Phuong Thanh and Lawyer Tran My Le: Hard Law And Soft Law: Know The Differences, Article available at: (last visit19/5/2025), https://tlalaw.vn/hard-law-and-soft-law-know-the-differences.tla.

21- Walter kalin, how hard is soft law? The guiding principles on internal displacement and the need for a normative framework, university of bern, Switzerland, 19 december2001, p, Article available at: (last visit13/7/2025) https://www.researchgate.net.

22-Wühler, Norbert, Application of General Principles of Law, in van den Berg (ed.), Planning efficient Arbitration Proceedings - The Law Applicable in International Arbitration, p554, Article available at: (last visit16/8/2025) https://www.trans-lex.org .

# اثر القانون المرن في تطوير قواعد القانون الدولي الخاص

أ. د. عبدالله فاضل حامد
قسم القانون، كلية القانون، جامعة دهوک، دهوک، العراق
Abdullah.hamid@uod.ac
ديلان أحمد عبدالرحمان
قسم القانون، كلية القانون، جامعة دهوک، دهوک، العراق
Dylanahmad5837@gmail.com

**الملخص**

القانون الناعم هو مرحلة متقدمة من القانون، مجموعة من قواعد العلاقات الدولية الخاصة التي لا تصاغ أو تفسر أو تطبق من قبل أي سلطة مركزية، بل هي نتاج مؤسسات وهيئات دولية. تطبق هذه القواعد من قبل هيئة التحكيم الدولية، والقانون الناعم يجد نفسه في: عادات التجارة الدولية، المبادئ القانونية، القوانين النموذجية، العقود النموذجية، مبادئ الإعلان العالمي ووثائق حقوق الإنسان (معاهدات حقوق الإنسان). بالطبع، من المناسب عرض طبيعة القانون اللين في هذه الدراسة، وهو نظام قانوني مستقل عن سلطة الدولة، أي غير رسمي، وتطبيق القانون اللين يعتمد على إرادة الأفراد. خلصت هذه الدراسة إلى أن القانون الناعم لم يسن من قبل أي مؤسسة رسمية، ولا يحمل قوة ملزمة، وأن القانون الناعم نشأ من احتياجات التجارة الدولية ويلعب دورا في حل النزاعات المتعلقة بالتجارة الدولية.

الكلمات المفتاحية: قانون ناعم، عقود التجارة الدولية، اعراف التجارة الدولية.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# The Impact of Flexible Law on the Development of Private International Law Rules



| |
|---|
| **Prof.Dr. Abdullah Fazil Hamid** |
| **Department of law, College of law, University of Duhok, Duhok, Iraq** |
| **Abdullah.hamid@uod.ac** |
| **Dylan Ahmad Abdulrahman** |
| **Department of law, College of law, University of Duhok, Duhok, Iraq** |
| **Dylanahmad5837@gmail.com** |




## ABSTRACT

**Soft law is an advanced phase of law, consisting of rules for specific international relations that no central authority establishes, interprets, or enforces. Rather, they are the products of international institutions, and these rules are applied by international arbitral tribunals. Soft law is found in the following: international business customs, legal principles, model law, model contracts, and principles of the Universal Declaration and human rights instruments (human rights conventions). Of course, it is appropriate in this paper to illustrate the nature of soft law, which is a legal system independent of state authority, that is, informal, and the application of soft law depends on the will of individuals. This study concludes that soft law has not been enacted by any official institution ،has no binding force ،and that soft law has arisen from the needs of international trade and plays a resolving role in disputes related to international trade.**


**Keywords: Soft law, International Trade Contracts, International Trade Customs.**